# شەش پاڵوویی لەفۆڕم و زمانێکی نوێ




د. ئەحمەدی مەلا

خوێندنەوەیەکی دەقی شیعریی : "قاڵییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە" شیعری رەزا عەلی پوور، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بەرهەمی هێناوە.

– فۆرمێک

کرۆکی دەقی " قاڵییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە" لە دوو چەمک پێکهاتووە : زمان لە خزمەتی شیعر و شیعریش لە خزمەتی زمان" دایە. تەشکیلێکی پلاستیکییە لە گواستنەوەی زمان بەرە و فۆرم و دوورخستنەوەی ماناکان بۆ ئەودیوی لێکدانەوەی برینگی یەکرەهەند. شیعری کوردی زۆر ئاشنا نییە بەم گەمە زمانەوانییەی کە لە کۆتایی دا لە پێناوی بناغەدانانی شیعرییەتێکی رووت تەواو دەبێت. راستە لە خوێندنەوەی ئەم دەقانە، یا ئەم دەقە یەکسەر بیرمان بۆ ماگریتی بەلجیکی و موغامەرە سورریالییەکانی پاریس دەچێت. بەڵام بە کەرەسەی تایبەت بە شاعیر خۆی.

ئەم دەسپێکە سەرەتایەکی پتەوە لە سیاغە و لە تەلازومی ناوەکی و لە هێزی دروستکردن. لە سیاغەکان دا، رستە یا دێرە شیعر دژ بە رێزمانی زمانی دایک دەجەنگێ لە پێناو دامەزراندنی رێزمانێکی تایبەت. ئەم سیاغەتە رێککەوتێک نییە لە ژێر قەڵەمی نووسەر جار نا جارێ تێپەڕبووبێت، بەڵکو لە پانتایی دەقەکەدا چاودێریی کراوە و ئا ئەمەشە ئەو تەلازومەی دروستکردووە. لە کۆتایی دا پشت بە دروستکردنێک دەبەستێت و هۆشیارانە ئەم گەمەیە ئەنجام دەدرێت.

لە شیعریی باوی کوردی دێرەشیعرێک بە ئاستەم ئەودیوێکی هەیە کە کۆ–خوێندنەوە فەرزکات، بەڵام لێرە هەر دێرێک لە چەندین توێژ پێکدێت و کردەی خەیاڵکردن دەکەوێتە




هەرەکەت و بەرەوە ئاقارە نوێیەکان داوەتمان دەکات. کردەکان هەمیشە لە سەرەتاتکێکەوە لە دایک دەبن و کۆتاییان نایەت، واتە، لە زیهین دا دێڕێک ئامادەیە بەڵام قەت وەکو خۆی لە دایک نابێت، بەڵکو بە ئیحتیمالاتەوە پەیا ئەبێت. لا٦ " تۆ بڵێی ئیدامەی دەستی من بگاتە خەتی کێ؟" نموونەیەکە لە نێو چەندین نموونەی دیکە. ئیدامە و دەست و خەت. سێ وشەن کە سەرتاپای ئاماژەکان دەگرێتە خۆ. ئێدامە بەردەوامییە و دەست داهێنەرە و خەت ڕێگایە، شێوازە، ڕێبازە...

ئیلیپس کە دەستەواژەیەکی ڕەوانبێژییە کە مانای ئیزماری عەرەبی دێت، بە واتای شاردنەوە یا دەرنەخستن یا سڕینەوە دێت. " گریمان نیشتمان گەورەترین سەندەڵی بێت/ من حەقمە پرسیارێک ئاراستەی دانیشتن/ وەک ئەوەیە سەندەڵییەک خاپوورم کا" لا ٧. شیعر بەرهەمهێنەری فەرزەییەتە بە مانای ئەوەی کە دەروازەکانی خەیاڵ والایە. لێرە فرمانی "کردن" کە دەبێ بکەوێتە دوای "دانیشتن" ەوە قرتێندراوە. بە مەبەستی ئەوەی حەپەسانمان تیا بخولقێنێ. هەڵبەتە ئەم جۆرە قرتاندنانە زۆرن لەم دەقە شیعرییەدا. لەم وێنە ئاڵۆزەدا، نیشتیمان و سەندەڵی و دانیشتن مادده سەرەکییەکەن و ئەم سێ وشەیە سەرتاپای مێژوومان لێکدەداتەوە.

شیعر لە خاڵیکەوە لە دایک دەبێت بە بێ ئاراستەیەکی دیاریکراو، بەڵکو هەموو ئاراستەکان مارە دەکات. شیعر لە خەمێکی موزمینەوە پەیا نابێت، بەڵکو لە هۆشیارییەکی بێگەردەوە. لێرە ڕەنگبێ دوو فاقەیەک دروست بێت، یا پەرادۆکسێک کە هەندەی ئەم شیعرانە تەکعیبین لە فۆرم دا، هەندەش ڕوونن لە ڕوانگە و دید دا. زۆر بە پێچەوانەی گەلێ دەقی کوردی دیکە کە سادەن لە تەعبیر و ئاڵۆزن و شێواون لە ڕوانگە و دیدەنیگا.

لەم دەقەدا شتەکانی دەرەوە سەرتاپەیان لە دایک بوونەتەوە و بە ئامادەیی نەگەیشتوونەتە سەر کاغەز. سەرەتایەک دەتوانێ بە تەنها هەڵبکات و بژێت.

– بەراوردێک

ئەم شیعرە تەواو دژەلیریک خۆی خەملاندووە، مەبەست لە غینائییەتێکە لە زۆر باردا، لە شیعری کوردی دا تەنها هەر بە دڵۆپە فرمێسک دادەرێژران و تاقە سواری هونەری هۆنینەوەمان بوو. مەبەست لەو لیریکییەشە کە بە "من"ێکی پفدراو بەڕیوە دەچێ.

له نێو فەزای شیعری کوردی دا چەند دەنگێکی دیکە هەن، ئەوانیش بە موفرەدەی تایبەت، بەڵام زۆر جوداواز، ئەویش دەقەکانی مەسیفین کە بە رای من لە نێو ئەزموونگەرایی دا مانەوە و دەقی تەواو داخراو بوون. بە چەند کۆدێک دەچوون تەنها هەر خاوەنەکەی بتوانێ شیتەڵیان کات. نموونەیەکی دیکەش، عەبدوڵا عەباس کە خولیای ئەو زیاد لە پێویست خۆماڵییە کە لە خزمەتی جیهانبینییەکەی کۆتایی نایەت. هەروەها نموونەی پیربال/یش رەنگبێ لە گەڵ ئەو دوو نموونەی پێشوو دایانبنێین، بەڵام نموونەی پیربال لە شیعری پرتوبڵاو پێکدێت. بەو مەبەستەی کە گرفتی رێباز یا شێواز قووت دەبێتەوە. دەکرێ وێنەیەک تەواو سوریالی بێت لە پاڵ دێرێکی دیکە تا بڵێی سروشتی و ئاسایی کۆتایی بێت. ئەمەش یەکێکە لە گرفتەکانی شیعرنووسین لە لای فەرهاد پیربال.

بەرای من، دەقەکانی رەزا عەلیپوور یەک دونیایان هەیە. موفرەدەی خۆماڵی تەواو لە نێو روانگەیەکی تایبەت تواونەتەوە. ئەوەی کە زۆر جێی سەرنجە، ئەم دەقانە دەکرێ بە شیعری سوریالیئامێز بخوێنرێنەوە تا لە شیعری سوریالی، چونکە هەندەی هۆشیارییەکی شاعیرانە لە پشتەوەی دەقەکانن، هەندە لە دونیای خەونەوە شۆڕ نابنەوە. هەربۆیەشە سەرەتا ئاماژەمان بۆ رینێ ماگریت کرد تا یەکێکی وەکو سەلڤادۆر دالی، دونیای هونەری ئەمیان تەواو لە ناواخنی خەون و کابووسەکانی شەوەوە بەرەو نێو چاوی رۆژهەڵات رۆدەچن.

ماگریت، وەکو رەزا ناوی نوێ لە شتەکان دەنێت و شازادەی خەیاڵمان لێ مارە دەکات.

شیعرنووسین ماندووبوونێکی تەواوە هەروەکو رەسوولی داغستانی دەیوت، ئەم ماندوو بوونە بە مانای ئەوە دێت، کە شاعیر هەمیشە دەیەوێ دونیا سەرلەنوێ ببینێتەوە. ئەم بۆچوونە با هی داغستانی بێت، یەکێکی وەکو سوپەریش لە شوێنێک ئاماژە بۆ شوشتنی دەموچاو دەکات بۆ ئەوەی جیهان بە شێوەیەکی نوێتر ببینرێت. ئەم جیهانبینییە سوفیمەشرەبە لە ناواخن دا. ( وا بزانن من رەزا/باوەڕکەن ماندوو بووم/ئەوەندە شاعیرم. ل ١٢). شاعیربوون ماندوو بوونە و لە هەمانکاتیش دژ بە رەتابەت و مۆنۆتۆنی ئیش دەکات. دونیا هەموو چرکەیەک لە دایک دەبێتەوە. چ ماندوو بوونێکە بۆ خۆ راهێنان!

**-ئاسۆی دیکە**

دوو ئاسۆ لەم شیعرانە بە دی دەکەم. یەکەمیان ئەم ئەزموونە رەنگبێ بەرەو فۆرمی رووت وەرچەرخێ. فورمێکی تەجریدی و زیهنی کە گەمەکان لە نێوان هێڵ و پانتایی، لە نێوان سێبەر و رووناکی دا شیکڵ وەرەگرن و لە فۆرمێکی سوریالی ئامێزەوە بەرە و فۆرمێکی قووڵتر، پڕ گرێی سروشتی کە ماددەی هەموو شیعرێکە. یا ئەوەتە فەزایەکی نوێ بەرە و رەنگدانەوەی واتاکان وەردەچەرخێ کە جۆرە مارەکردنێکی سروشتی نێوان دەلالاتەکان و وێنەکانە. وەکو ئاوێنەیەک لە سەر پانتایی ئاو دا بلەرێتەوە و لە رێگای یارییەکانی سێبەر و رووناکی دا واتاکان لە دایک ببن و لە دایک ببنەوە.